


## ڕیپۆرتاژی مەراسمی شکۆداری ڕۆژی کۆمەڵە لە فینلەند

دوێنێ شەممە 18\2\2006، بە بۆنەی ساڵیادی 26 ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، مەراسمێکی شکۆدار لە شاری تورکوی فینلەند بەڕێوەچوو. ساڵۆنی ڕازاوە بە درووشمە سۆسیالیستیەکانی کۆمەڵە، وێنەکانی مارکس و ئەنگلس و لنین و وێنەکانی هاوڕێی گیانبەختکردو کاک حەمەحوسێنی کەریمی و ئاڵای ئاڵی سەر مێزی سوور، مایەی سەرنج و شادمانی ئامادەبووانی مەراسمەکە بوون.

لە سەرەتای دەسپێکردنی مەراسمدا، هاوڕێیانی بەڕێوەبەری مەراسم سۆران زەکی و مەرزیە نەزەری، وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبووان و پیرۆزبایی ڕۆژی کۆمەڵە، بەرنامەی مەراسمیان بە زمانی کوردی و فارسی بەئاگاداری ئامادەبووان گەیاند. ئینجا مەراسم بەسرووودی ئینتەرناسیۆناڵ، سرووودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار، کە لەلایەن کۆڕی هونەرییەوە پێشکەش کرا، دەستی پێکرد. بەشوێن ئەوەدا، خولەکێک بێدەنگی بۆ یادی گیانبەختکردووانی ڕێبازی ئازادی و سۆسیالیزم ڕاگەیەندرا. پاشان سرووودی (بەڕێزە گیانبازیتان) وەک بانگی بەڵێنی درێژەدانی ڕێبازی بەرزی گیانبەختکردوانی سۆسیالیست لە ساڵۆنەکەدا دەنگی ئەدایەوە.

ئینجا هاوڕێ مەحەممەدی نەبەوی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەبۆنەی ساڵیادی ڕۆژی کۆمەڵەوە قسەوباسێکی پێشکەش کرد. هاوڕێ مەحەممەد و وێڕای پیرۆزبایی 26ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵەی وەک ڕۆژێکی سەروسازمانی و وەک ڕۆژی بزووتنەوەیەکی بەرینی سۆسیالیستی و دادپەروەرانە نرخاند. هاوڕێ مەحەممەد لە درێژەی قسەکانیدا، لەسەر ستراتیژی کۆمەڵە لە کوردستان و لەسەر گرنگترین بابەتە سیاسیەکانی ئەمڕۆی ئێران و ناوچەکە و جیهان دووا ، و پەردەی لەسەر ناوەرۆکی کێشەی ناسراو بە کێشەی ئۆتۆمی بەینی ڕژیمی ئیسلامی ئێران و بەرەی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوی هەڵدایەوە، و سیاسەتی لایەنە ناسیۆنالیستە کوردی و ئێرانیەکانی لەم پەیوەندییەدا دایە بەر ڕەخنەی سۆسیالیستی.

پاشان نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییە میوانەکان قسەیان کرد، لەوانە هاوڕێ (کاییا کیێلسینگ) جێگری سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند. هاوڕێ کاییا وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی کۆمەڵە، لەسەر گرنگی هاوپشتی بەرەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی لە ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی و جیهانی دا داکۆکی کرد. ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا داوای لە هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی بە ڕەچەڵەک کۆچکردوو کرد، کە لە هەڵبژاردنی پارلمانی مانگی مارسی ساڵی ئایندەی فینلەندا، شانبەشانی هاوڕێ کۆمۆنیستە فینلەندییەکانیان بەشداری چالاکانە بکەن. هەروەها بانگەوازی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی کرد کە لە مەراسمەکانی 8 ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژندا بەشداری بکەن.

پاشان هاوڕێیان ڕەسوڵ عەزیزیان و سەفین هەینی بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی مارکسیست ـ لینینیستی فینلەند و ڕێکخستنی فینلەندی یەکیەتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق، پەیامی پیرۆزبایی 26 ی ڕێبەندانی ڕێکخراوەکانیان بۆ ئامادەبووان خوێندەوە. بەشوێن ئەوەدا بەڕێوەبەرانی بەرنامەی مەراسم ناوی ئەو ڕێکخراوانەیان ڕاگەیاند کە بەبۆنەی 26 ی ڕێبەندانەوە پەیامی پیرۆزباییان بۆ کۆمەڵە ناردبوو کە بریتی بوون لە: حیزبی کاری ئێران (توفان)، ڕێکخراوی ئینتگراسیۆنی کۆچکردووانی دانیشتووی فینلەند (سوموکۆ)، ڕێکخراوی ژنانی 8ی مارس و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کۆمیتەی فینلەند.

لە درێژەی بەرنامەکەدا هاوڕێ سەمیرە ساڵح دوو پارچە شیعری پێشکەش کرد، کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی ئامادەبووان بەرەورو بوو. ئینجا هاوڕێ سۆران زەکی چەند کۆپلەیەک لە شیعری مێژوویی ( لەمڕۆدا ساڵی ڕابردوو) شیعری عەلی قوتبی گیانبەختکردووی پێشکەش کرد، کە دیمەنگەلێکی خەباتکارانەی سەردەمی شۆڕشی ئێرانی دەهێناوە بەرچاو. لە کۆتایی بەشی یەکەمی مەراسمەکەدا هاوڕێ خالیدی شەفیعی لەسەر گرنگی یارمەتی ئابووری بە کۆمەڵە تی ڤی قسەوباسێکی پێشکەش کرد و داوای لە ئامادەبووان کرد، کە بەپێی تووانایان پشتگیری ماددی و مەعنەوی دەنگ و ڕەنگی کرێکاران و زەحمەتکێشان بکەن.

بەشی دووەمی مەراسمی ڕۆژی کۆمەڵە، بەشی هونەری بوو بە بەشداری هونەرمەندی دەنگخۆش کاک ڕێبوار مەعروف. مەراسمەکە کاتژمێر 12/30 شەو لە ناو شادی و کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕانەی سەدانکەسییدا سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات. پیرۆز بێت 26 ی ڕێبەندان، ساڵیادی دەرکەوتنی خۆری کۆمەڵەی کرێکاران و هەژاران، کۆمەڵەی خەباتکاری ماندوویینەناسی ڕێبازی ڕزگاری یەکجاری و ڕاستەقینەی مرۆڤ لە هەموو کۆتوبەندەکانی کۆمەڵگای چینایەتی!

**کۆمیتەی بەڕێوەبەری مەراسمی ڕۆژی کۆمەڵە ـ فینلەند**

2006\2\19